# ڕۆژگار سەحەر بێ و نەسرین دینا بێ،
# کەرکووکیش تەئمیمە!

حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

گوتیان ماڵە کوردێک، کە کەڵەشێرێکیان دزرا، باوکەکە کوڕەکانی بانگ کرد و گوتی: "بڕۆن بە هەر نرخێک بێ ئەو کەڵەشێرە پەیدا بکەنەوە!" یەکێ لە کوڕەکان، بە گاڵتەپێکردنەوە گوتی: "حا، حا!.. چ قەوماوە؟ بزانە بۆ کەڵەشێرێک پیاومان پێ ناکوژی!" پاش ماوەیەک مەڕێکیان دزرا، باوکەکە گوتی: "بڕۆن بە هەر نرخێک بێ ئەو مەڕە بیهێننەوە!" کوڕەکان، هەمان وەڵامیان دایەوە. پاش ماوەیەک یەکێ لە کوڕەکان کوژرا و براکەی هاتە لای باوکی و داوای لێ کرد ڕێنمایی بکا تا تۆڵەی براکەی بکاتەوە. باوکەکە گوتی: "کوڕی خۆم! ئەو ڕۆژە براکەت کوژرا، کە کەڵەشێرەکە دزرا و دەنگتان نەکرد! ئێستا چاکترین چارەسەر ئەوەیە سەری خۆتان هەڵگرن و بچنە شوێنێک، کەس نەتانناسێ و نەزانێ کەڵەشێرتان دزراوە و پەیداتان نەکردۆتەوە!"

دۆزینەوەی ڕۆژگار و نەسرین لە مەلهای فیرعەونەکان، کرووزەیەکی وەهای بە دڵمدا هێنا، خۆش نابێتەوە. کە لێپرسراوان لێی بێ دەنگن و وەزیری شەهید و ئەنفالی کوردیش، کە بەخۆشی ئافرەتێکی کوردە و هێشتا بەر فرۆشتن و کڕین نەکەوتووە، دوای چەندین مانگ لە زانینی هەواڵەکە، ئاوها بە ساردی وەڵام دەداتەوە و ڕێکخراوی ژنانیش لێی بێ دەنگن، نوکتەیە! پێکەنین و گریان، لە بارودۆخی ئاوهادا تێکەڵ دەبن!. بەڵام چ سەرسامبوونی ناوێ. من دەمێکە ئەو گومانەم هەیە کە لێپرسراوان، دەستیان لە ئەنفالدا هەبووە و بە خۆیان پارەی ڕۆژگار و نەسرین و هەموو ئەو کیژانەیان وەرگرتووە کە فرۆشران! لێپرسراوان، هاوقەتاری کورد و شەریکەدزی بەعسن و چ هۆیەک بۆ ئەوە نەماوەتەوە خەتی جیاکردنەوە لە نێوان ئەوان و بەعسدا، لە نێوان دەسەڵاتی ئەوان و دەسەڵاتی داگیرکەردا دانێین! بەڵگە لە دوای بەڵگە ئاشکرا دەبن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەوە گەلاڵە دەبێ کە لێپرسراوانی کورد پشکیان لە کۆمپانیایەکدا هەیە کە پێی دەگوترێ ئەنفال. لە کاتێکدا خەڵکی باشوری کوردستان نەوت و کارەبایان نییە، بە ملیۆن دۆلار بۆ زەماوەندی کوڕە بەرپرس سەرف بکرێ گەمە نییە!

هەر تاکە کەسێک بگری، لێپرسراوە بەرانبەر ماڵ و منداڵی خۆی تا کەس دەستدرێژی نەکاتە سەریان. ئەگەر یاسایەک هەبێ بەرگری بکا، باری سەرشانی لێپرسراوی خێزانەکەش سووک دەبێ. سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لێپرسراوە بەرانبەر ئەوانەی ڕۆژانە سەردەبڕدرێن و دەکوژرێن، تا دەگاتە هەر دەستدرێژییەکیش کە دەکرێتە سەر هەر کوردێک، بەو کیژە کوردە فرۆشراوانەشەوە! قەبوڵێتی؟ ئەمە پرسیاری منە و ڕاشکاوانە ئاڕاستەی بەڕێزی دەکەم! من بم لە جێی ئەو، یا هەر ئێستا و زۆر بە پەلە و زۆر بە جددی خەمی سەحەر و دینا دەخۆم و دەیانکەمەوە بە ڕۆژگار و نەسرین، یا سەری خۆم هەڵدەگرم و دەست لە هەمو شتێکی کورد هەڵدەگرم و دەچمە جێیەک کەس نەمناسێ و نەزانێ ڕۆژگار و نەسرینم کراونەتە سەحەر و دینا و لە مەلهاکانی میسر سووکایەتییان پێ دەکرێ. ئاخر کە سەحرت پێ نەکرێتەوە ڕۆژگارە پاکژەکەی هەولێر و دینا نەکەیتەوە نەسرینە کوردە کەرکووکییەکە، چۆن تەئمیم دەکەیتەوە بە کەرکووک و چۆن ئەو دڵە لە جێی خۆیدا دادەنێیتەوە کە پێشتر باست دەکرد؟

بە چنار سەعد ناوێرم. دەزانم بە (سودفە)ش بێ، بۆ بەرگریکردن لە خۆی، هەزار مەوسووعە و ئەنسکلۆپیدیای یاسایی و نایاسایی دەپشکنێ تا تۆمەتبارم بکا و بمگەیەنێتە دادگا. بەڵام تاقەتی نییە بەرگری لە ئەنفال کراوەکان بکا، کە بە خێرێ وەزیریشیانە! هەر ئەوەندەی پێ دەڵێم: چنار خان تۆ کە منداڵی دوێنێیت و بۆنی شیری خاو دێ لە دەمت، ئەم جۆرە گەمانە کەی فێر بوویت؟

با یەکێتی ژنان و ئافرەتانیش بزانن کە کیژە ئەنفالکراوە فرۆشراوەکانیش وەک هەمووتان (ژن) و (ئافرەت)ی کوردن و مافی ئەوەیان هەیە کەرامەتیان بکرێتەوە و کەرامەتیان، کەرامەتی نەتەوەیی هەموو کوردێکە. ئێوە، ئەرکی سەر شانتانە خەمیان بخۆن ئەگەرچی بۆ عەگالبەسەرێکی خاوەن سێ ژن بیانکەنە بووک! ئێوە یەکێتی ژنانی کوردن یا وەک کۆمۆنستە کارگەرەکان دەستەیەکی کارکردنن بۆ ئازادی سێکسی؟ هەر دەتوانن سەرمەقولات بەو ژنانە لێ بدەن، کە بە دیار بەچکەی خۆیان و چرایەکی کزەوە کروشکەیان کردووە و چاوەڕوانی هاوسەری ماندوو و مردووی خۆیانن؟ ئاخر ئێوەش بەشێکن لە مەکینەی زەبەلاحی ئەنفال و تەعریب بۆیە خەمی ئەوەتان نییە کڕین و فرۆشتن لە سەر ئافرەتی کورد هەبێ! خۆ ئەوانە لە خێزانی بەرپرسان نین!

کاکە (فەرمان عەلی) ڕۆژنامەنووسیش، کە بە لای منەوە گرنگترین کاری لە جیهانی ڕۆژنامەوانی کورددا ئەنجام داوە، ئەگەرچی مافی خۆیەتی هەر نەبێ لە گەڕەکی تەعجیلی هەولێر پەیکەرێکی بۆ ساز بکرێ و مەدالیای کڕینەوەی شەرەفی کوردی پێ

**بدرێ، بەڵام من خەمی ئەوەمە سزا بدرێ. ئاخر ئەو سنووری کاری لێپرسراوانی کوردی بەزاندووە و ئەوەی ئەوان دەیشارنەوە، ئەم ئاشکرای کردووە. با ئەو کوڕە کوردە دڵسۆزە، کە لە بری ئەوەی وەک کۆنە بەعسییەکان بچێتە تاقیبی گۆڕی عەبدولحەلیم و فەرید ئەترەش، تاقیبی شەرەفی هەڕاجکراوی کوردی کردووە، باش بزانێ کە لە دەروازەیەکی گەش و شەرەفمەندانەوە چۆتە مێژووەی ڕۆژنامەوانی کوردییەوە و هەزار قەڵەمفرۆش، بە هەزار ساڵ، ناتوانن بگەنە پاینی ئەو پەیکەرەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆی دەکرێ.**

**سەرنج: وشەی ئافرەت، خزمایەتی لەگەڵ (ئافرۆدیتە)ی یۆنانیدا هەیە، کە خوای زاوزێ بووە و چ پەیوەندی لەگەڵ (عەورەت)ی عارەبیدا نییە، وەک هەندێ نووسەری حیزبی بۆی دەچن! دراوسێتی یۆنان و کورد زۆر لە دراوسێتی عارەب و کورد کۆنترە و زمانە هند و ئوروپییەکان، کە کوردی یەکێکیانە، وشەی هاوبەشی لەو بابەتەیان گەلێ زۆرە. تەنانەت وشەی شوور و گۆل لە سویدی و کوردیدا هەمان واتایان هەیە. ئەو ڕەوە مرۆڤایەتییانە نەبێ کە بەرەو ئەوروپا کراوون، کوردی و سویدی چ شتێک بە یەکەوەیان گرێ دەدا؟ وشەی ئەستێرەش لە زمانە هند و ئەوروپییەکاندا (س) و (ت)ی بە دوای یەکدا تێدان و یەک سەرچاوەیان هەیە.**